زنجیرەی بوژاندنەوەی کەلەپووری ئەدەبی و کۆمەلایەتی کورد ژمارە (٢)

# بەیتی دمدم

ئامادەکردنی
عەبدولحەمید حوسێنی

بەبۆنەی دووی ڕێبەندانەوە

بەفرانباری ٢٥٩٣ ی کوردی
ژانویە ١٩٨١ ی زایینی

لە بڵاوکراوەکانی بنکەی مەلا ئاوارە

هەواڵنامەی کتێب

سەرپان: ڕێکخراوی حیزبی دیموکراتی کوردوستانی ئێران
لە ئوروپا

یارمەتی داوە بۆ لە چاپ دانی

# پێشەکی

مێژووی کورد کارەساتێکی دڵتەزێنتر، لە رووداوی دمدم، دڵتەزێنتر و مێشک بزوێنتری بەخۆیەوە نەدیتووە. روداوی دمدم پتر لە هەر رووداوێکی دیکەی مێژوویی کوردوستان کاری کردۆتە سەر هۆشی بیری خاوەن بیرانی کورد بەتایبەتی، وە سەر هەموو نیشتمانپەروەرێک بەتیکرایی. هەر بۆیە شە هیچ کوردێکی دلبەسۆ نابینی کە دووای ئاوردانەوەی لە مێژووی کوردوستان، هینانە بەر چاوی رووداوە مێژوویی یەکان رووداوی دمدم بە چلەپۆپەی بزوتنەوەی رزگاری خوازی گەلی چەوساوەی کوردمان نەزانێ، وە بە شانازییەکی تەواوەوە بە تانوپۆی رووداوەکەدا نەچێ، شۆڕشی دمدم بەشانۆی کوردایەتی، ئاوێنەی باڵانومای گەلەکەی دانەنێ.

شۆڕشی دمدم ئەو مەزنە شۆڕشەی گەلی کوردە کە بە چەند دەیەیەک دووای دابەش کردنی کوردوستان لە نێوان ئێران و، تورکییەی عوسمانیدا سەرهەڵدەدا. بەڵان کاتێ باسی دمدم دەکرێ، مرۆڤ چونییەتی ئەو رووداوە پڕ لە بۆسووی نزایە دێنێتە بەرچاوو، دەیهەوێ لە راستەقینەی کارەسات بگا، وە شتێکی ئەوتۆی لە وبارەوە دەسکەوێ کە بتوانێ بیکاتە چرا رێی گەهیشتنە ئەنجامێک بۆ لێکدانەوەی چونیەتی رووانی کارەسات و، هۆی تێکشکانی خانی لە پزیرین، جگە لە نوسراوەکەی ئەسکەندەر بەیگی تورکمان کە ئەویش بەچاوێکی دوژمنانەوە لەو شۆڕشەی روانیوە و، ئەوی بە قازانجی قزلباشان نەبووبێ خەتی پێدا نەهێناوە، (دەگەل ئەوەی کە لە رێزی دوژمنانی کورد دابووە دیسانیش بۆی نەکراوە لە ئاست مێرچاکی و، ئازایەتی و، جوامێری شۆڕشگێڕانی قەڵای دمدم چاو بپۆشی، وە بە تەوسو توانج تێ گرتنو پلار پێدادانەوە باسیان نەکا) لەوەی زیاتر چی ترمان بەدەستەوە نییە کە مێژوو نوسانی کورد یا ئەوانەی بیلایەن بۆیان نووسیبێن.

بەڵان ئەگەر مێژوو نوسانی کورد و، بێ لایەنان خۆیان لەو باسە بووارد ووە، دەنگبێژانی بەبیرو، نیشتمانپەروەری کورد باسی و، خواسی ئەو شۆڕشە مەزنەیان بە بەند هۆنیوەتەوە و، لە قاوغی بەیتدا پاراستوومە، پشتاو پشت بۆیان کە یاندووین. وە لەبەر ئەوەی شۆڕشی دمدم لە راستیدا هەموو تیرەو هۆزێکی کورد تێدا بەشدار بوون وە هەموو گەلی کوردی گرتۆتەوە.

دەنگو باسی ئەو شۆڕشە مەزنەیە لە هەموو زاراوەکانو شێوە زمانەکانی کوردیدا بە بەندو باوو، لاوک و، حەیران و، بەیت هونراوەتەوەو، مێشکی هەموو رۆڵەیەکی کورد و، نیشتمانپەروەری بێ زاخاو داوە.

لە راستەقینەدا ئەگەر مێژووانێکی کورد بیهەوێ بۆ لێکدانەوەی چۆنیەتی کارەساتو هۆی داگیرسانی شەڕو، بەرزبوونەوەی دەنگی کوردایەتی لەوان کاتو ساتاندا بگاتە ئەنجامێک بە

بێ کەڵك لێ وەرگرتن لەو بەرهەمە پیرۆزانەی کە باوو، باپیرە بە بیرە هێژاکانمان لە رێی زێر لێ نانی لە دەنگبێژانو، بەیتکارانو خاوەن هەستەوە پشتاو پشت بۆ یان کە یاندووین، ناتوانێ بگاتە قوناغێکی ئەوتۆ کە زانستی مێژوو و، دۆخی مێژوو وانی لێ چاوەروان دەکا.

بەڵان دیارە کە متر مێژوو وانێکی کورد هەیە لە روژگاری پر لە تەنگوچەلەمەی ئەو رۆدا بتوانێ یان کاتی ئەوەی هەبێ کە خۆی بە کۆکردنەوەی ئەو جۆرە بابەتانەوە خەریك بکاو، بڵاویان بکاتەوە.

لە بەر ئەو هۆیەو، دەیان هۆیتر ئێمە بە پیویستمان زانی کێژ راوەیەکی بەیتی دمدم کە بە شێوە زمانی موکریانی یەو، تا ئێستاش بڵاو نەکراوەتەوە، وە لە وانەیە باشترین کێژ راوەی دەسکەوتوش بێ لێرەدا بڵاوی بکەینەوە.

بەڵان بەر لە وەی رێو راست بچینە سەر باسی بەیتەکە، باشوایە هێندێك شت لە مەڕ کێژەرەوەو، ئەو کێژ زاوانەی کە تا ئێستا بڵاو کراونەتەوە بۆ خوێندەوارانی خۆشەویست رون کەینەوە. ئەوەی کە ئێمە لەو بارەوە بیزانین ئەوەیە کە:

١ــ ئەلکساندر ژابا لە زمان کوردێکی بایەزید ییەوە، کیرد راوەیەکی ئەو بەیتەی لە ساڵی ١٨٦٠ دا لە نێو کومەلیك چیروکی کوردی دا چاپ وە بلاوی کردوتەوە. ئەو کێژ راوەیە بە پەخشانە، وە ئوردوخان جەلیل ئوف لە ساڵی ١٩٦٧ دا لە نێو کومەڵێك موتونی شۆرشی (حماسی) کوردیدا لە موسکو چاپ، وە بڵاوی کردوتەوە.

لەو کێژ راوەدا ئەوی جوێی سرنج بێ ئەوەیە کە کاتێ بە هۆی لە کەمی دانی شەڕکەرانو، کە لو پەلی ~~ژەوە~~ دەیانهەوێ مشوری شورشکە بخۆن، هێندێك لە شەرکەران بۆتە سلیم بوون، مل دەدەن، بەڵان گەوهەر خانم دایکی ئەبدال خانی، وە خەبەریان دینێتەوە بۆ یان دەڵێ:

عەجەم جۆبرۆاو، متمانە بێ کردن نیین ئەگەر دەتانهەوێ سوك نەکرێن وعەجەمۆکەی دەرپێ شینو، قزلباشی رافزی، سوکایەتی تان پێ نەکەن وە خوینی شەهیدەکانمان بە فیرۆ نەراوا پیاوانە دەستی لێ بدەنە شەرێ وە تا دوا تنوکی خوێنتان نەرژێ مل مەدەن (مەردانە مردن نەك ژنانە ژین)

٢ــ ئەو کیرد راوەیەی کە ئالبرت سوسین لە ساڵی ١٩٧٠ دا لە کوندی ئەلقوش لە زمان کوردێکی بۆتانی نوسیویەتەوەو لە شاری دهوك بۆیان لێکداوەتەوە، وە لە ساڵی ١٨٩٠ دا دەگەڵ کومەڵێك بە یتو چیرۆك لە شاری پترسبورگ لە چاپی داوە. وە جەلیل ئوفیش لە کتێبەکەی خۆیدا لە چاپی داوەتەوە.

٣ــ ئوسکار مان لە ساڵی ١٩٠٦ دا لە توێژی کتێبە بە نرخەکەی خۆی دا:

Cskar Mann Die Mundart der Mukri-Kurde Teil I Berlin1906

دو کێژ راوەی ئەو بەیتەی **لە چاپدا** وەو، بڵاوی کردوتەوە. کێژەرەوەی هەردوو کێژ راوەکان دەنگبێژی نەمری موکریان، رەحمانبەکرە، کە یەکیان بە پەخشان (نثر) ە وە ئەوی دیان بە بەندە. ئەو کێژ راوەیە تا ئێستا چەن جاران لە چاپ دراوەتەوە.

**الف** ــ لە ساڵی ١٩٦٧ دا ئوردوخان جەلیل ئوف لە کتێبەکەی خۆیدا لە موسکو لە چاپی داوەتەوە.

بــ کاك عزیز ابراهیمی لە ساڵی ١٣٤٨ دا رێنوسە لاتینییەی پرۆفسور مانی هێناوەتە سەر رێنوسی کوردی باو وەوەری کێڕاوەتە سەر زمانی فارسی. کاك عزیز جگە لە وەی لەوەرکێڕانی بە تەکەدا سەرکەوتوو

هەواڵنامەی کتێب

نەبووە بەڵکو لە هێندێ جێدا دەستی لە بەیتەکەی وەرداوە، لێی دەرهاویشتووە.

ح ـ مامۆستا هێمن موکریانی لە ۱۹۷۰دا کتێبەکەی مانی هێناوەتە سەر ڕێنووسی کوردی پەسەندکراوی کۆڕی زانیاری کورد لە ئێراق. پێشەکییەکی باشی بۆ ئەو بەیتە ڕێکخستووە و نوسراوەکەی ئەسکەندەر بیکی تورکومانیشی کردۆتە کوردی و لە چاپی داوە.

٤ ـ لە ساڵی ۱۹۳۹دا کوردویێف لە گوندی تیسلی لە زمان کوردێکی کوردوستانی تورکییەی بە نێوی ئویلۆ سلۆ کێژ ڕاوەیەکی ئەو بەیتەی تۆمارکردووە، لە ۱۹٦۳ دا لەگەڵ هێندێ جیرۆکی بەیتی دیکەدا لە چاپی داوە، بڵاوی کردۆتەوە. ئەو گێڕاوە یەشر تا ئێستا دووجاران لە چاپ دراوەتەوە:

الف: لە ۱۹٦۷ دا لە کتێبەکەی جەلیل ئوی دا بڵاو کراوەتەوە.

ب ـ لە ۱۹۷٦ دا دوکتور عبدالرحمن حاجی مارف هێناویەتە سەر ڕێنووسی کوردی پەسەندکراوی کۆڕی زانیاری کورد و، لە چاپی داوەتەوە.

٥ ـ ئوردوخان جەلیل ئوی لە ژێر سەردێڕی خانی زێڕین چەنگ لە باڵ ئەو گێڕاوانەی کە وا تا ئێستا باسمان لێ کردن، لە ۱۹٦۷ داکیر دراوەیەکی ئەو بەیتەی دەگەڵ گێڕاوەکانی پێشوو بە نێوی ((موتونی شۆڕشی ""حماسی"" کورد لە چاپی داوە و بڵاوی کردۆتەوە.

٦ ـ ئەو گێڕاوەی کە خۆم لە ساڵی ۲٥۸٤ (۱۹۷۲) دا لە شاری مەهاباد لە زمان کاک ئەحمەدی کوڕی کەریم ملخوار، تۆمارم کردووە. وە لێرەدا بڵاوی دەکەمەوە.

وەک گوترا. گێڕەرەوەی ئەو گێڕاوەیە، کاک ئەحمەدی کوڕی کەریم ملخوار، کوڕی پیرۆت دەدەمە. کاک ئەحمەد پیاوێکی دەستە پیاو، قسە خۆش بوو (نازانم ماوە یان نا) لە وکاتیدا تەمەنی لە پەنجا ساڵی تێپەڕیبوو. ماڵو منداڵی خۆی بە چەرچێتی بەڕێ دەبرد. بەیتی دمدمی زۆر باش دەزانی وە زۆر باشی لە بەر مابوو، بەیتی ئیمامی حەمزەشی دەزانی. بۆخۆی شایەر و دەنگبێژ نەبوو، بەڵان کەریم ملخواری بابی لە ئەدەبی کۆمەڵایەتی کوردیدا دەستێکی باڵای هەبوو، پیاوی کۆڕ و مەجلیسان بوو، داوەتگێڕی گوند و شاران بوو، دەنگخۆش و، دەنگ زەنوێر بوو، لە داوەتیویدا شایەری دیکوتنیان بۆ نەمەدەهات. بە بەیت داوەتی دەگێڕا، وە لە بەیتە کوردییەکاندا بە مامۆستایەکی گەورەی سەردەمی خوی دەزاندرا. ئەوەی کە بەیتی دمدم و چەند بەیتی دیکەی بە کاک ئەحمەدی کوڕی فێر کردووە نیشانەی ئەوەیە کە دڵێکی زۆری بەکە لە پوری کۆمەڵایەتیمان سووتاوە، ویستویەتی وەجاخی کوێر نەبێتەوە، وە ئەرکی سەرشانی خۆی زانیوە بیان پارێزێ. کەریم ملخوار زۆربەی زۆری ئەو بەیتانەی پشتاو پشت پێ گەیوە، وە لە بابو باپیرانی خۆی فێری یان بووە. ئەوی ڕاستی بێ ئەوەیە کە کاک ئەحمەد دەکوت بۆ سێ پشتان نێوی پیرۆت و کەریم و، ئەحمەد لە بنەماڵەی واندا، دوو پات کراوەتەوە. وە بەیتو باوی کوردی و، بە تایبەتی بەیتی دمدمیان پێ فێرکراوە. واتا پیرۆتی باپیری لە باپیرە گەورەیەوە ئەو نێوەی پێ بڕاوە. کە بیتو ئەو قسەیەی لێ بسەلمێنین دەبێ پیروت دمدمی گەورە لە شۆڕشی دمدمدا بەشدار بوو بێ: وە هەر لە بەر ئەوەشی بێ ئەو لەقەبەیان نازناوەی لێ نرابێ. بەڕاستی ئەگەر کەسێک لەو شەڕەی دا بەشداری نەکردبێ ناتوانێ ئاوا بە باشی و، بە جوان و، ڕێک بێ

بە تانو پۆی شۆڕشگێڕەکانو، چونییەتی هەڵکەوتنو، هەڵخرانی قەڵای دمدمدا بچێ.

لەو گێڕاوەیەدا وێژەر لە بەرا بە پەخشان کورتەیەک لە مێژوی دمدم و بە سەرهاتی خانی لە پزێرن دەگێڕێتەوە ئینجا بە هەڵبەست بۆ، ئامادەکردنی گوێگر یا خوێنەواری بەیتەکە، بە وردبینی کو تەواوەوە باس لە بێوەفایی و، بێ ئەمەگی دونیا دەکا، پاشان لە چونییەتی هەڵکەوتنی قەلا و، هەڵخرانی وە، دەدوێ بەدوای ویدا دێتە سەر ئەوەی کە شاعەباسی سەفەوی بۆ قەلاچۆتێ خستنو، لە بن هێنانی قەڵای دمدم چ قۆشەنێک دەخاتە ڕێیەو، چۆن دێنە سەر خانی.

بە پێچەوانەی ئەسکەندەر بێگەوە وێژەری بەیتەکەمان زۆر بێ لایەنانە، لە هەردوو لا دەدوێ وە لە کردەوەی چاک و، دزێوی یان، وەک یەک دەروانێ. شتێکی دیتر کە لێرەدا پێویست دەکا بگوترێ ئەوەیە کە هەرچی ئەسکەندەر بێگە بردنەوەی شەڕێ بە هونەری وکارامەیی قزلباشی کورد کوژ دەزانێ و، دای دەنێ. بەڵان وێژەری بەیتەکە بە ورد بینییەوە دەری دەخا کە جاشی خۆفرۆشو، لە مروڤایەتی بێ بەش بە خۆ دەبەر کردن و، پەنابردنە بەر دوژمن لێی دەبێتە چوقڵی چاوانو بە ڕێی نمونی کردنی دوژمن پشتی خانی لە عەرزی دەدا. وە لە بەیتەکەدا ئاوامان بۆ دەگێڕێتەوە کە:

ئەحمەد بەگی لەیتانی
ڕووی ڕەش بێ دەگەڵ شەیتانی
ئەوغە یان بوو دەگەڵ خانی
لێ دا چوکن شای ئێرانی
پێی نیشان دان چاوەی کانی
ئەو کافری بێ ئیمانە
تۆ یان کرد هاشو، دەرمانە
کەوتنە قڕبوون، موسوڵمانە

بە تەقاندنەوەی کانیاوەکانی سۆزلوق و، بۆزلق گەورەترین زەربەی لە خانی دەدەن. بەڵان دەگەڵ ئەوەش خانو دانیشتوانی نێو قەڵا یەمل نادەن بۆ، ئەوەی خۆ بدەن بە دەست دوژمنەوە. دوای ئەوەی چەن ڕۆژێک بە لیخاو، تالاو ڕای دەبوێرن یان وەک وێژەری بەیتەکەمان دەڵێ لە بەختی خانی بە هاوین بەفر دەباری

وە ماوەی حەوتوێکی بە ئاوی بەفران دەژین، شۆڕشگێڕان گوزەرانیان لێ تاڵ دەبێ. خێزانی خانی دینە لای و، پێی دەڵێن:

هات بوون خانمی دەکارخانێ
گوتیانە خانی دیوانی
لێو، حەرام بێ جوێ کابانێ
سبحەی بگوزێین لە مەیدانێ
قەبوول مەکە ئەوێ ژیانێ

خان کاتێ ئەو هەمو لە خۆبوردوویی یەی لە هاوالانی دا دەبینێ و، هەست بەوەی دەکا کە تا دووا

هەواڵنامەی کتێب

تنوکو حوێن و ،هەناسەی بێ بە نوێ بە ماسان دەکەن بە ستووەوە ئامادەی ئەوەن بە شەرەفو سەربەرزییەوە گیان بدەن بە سەر شۆڕشیەوە بەنا بەرنە بەر دوژمن لە ولامدا دەلێ :

سبحەی وەرنە بەنجەرانە
دەچکەین سەیری دوو شێرانە
شەڕێ دەکەین رۆستەمانە
بە خوێن سوور دەکەین مەیدانە

لە بارەی شۆڕشی دمدموەوە نییەتو کارەساتەکە یەوە،گەلێک حیرۆکو ئەفسانە مان بۆ دەگێڕنەوە کە هەموو باس لە جوامێری و ،پیاوەتی و ،بەکوەەری و ،لە خۆ بوردوویی دانیشتوانی نێو قەلا و شۆڕشگێڕە کانییەوە یە .وە بنەماڵەی خانی لە پزێڕن نموونە یەکی هەرە بەرزی ئەو لە خۆ بوردوویی یەن .
کاتێ خاوو،خیزانەکەی خانی تێ دەگەن بەهۆی شەهید بوونی خانی وە،قزلباش هێرش دەکەنە سەر قەلایە،بۆ ئەوەی بە دیل نەگیردرێن و، سوکایەتیان بە سەر نەیە،لە بەرزایی دمدمەوە خۆیان هەلدەدێرن وەکیانی پاکیان دەکەنە ئالای شەرەفو جوامێرییەوە لە رێی سەربەخۆیی و نیشتمانپەروەری داکیانی شیرینیان بەخت دەکەن .

لە دوازدە خانمی دەرەنکیینە
رای بۆ دەکردنەوە ژنێ کاوانی
با بچینەوە سەر بەندەنی دمدمی پێنسەتەکەوانی
خۆمان فڕێ دەینەوە خوارێ چین بە چینە
پاشی خان ئاودەل و ،خانی دەلەپ زێرینە
نەکەوینە دەس عەجەمۆکەی دەرپێ شینە
لە دوازدە خانمی دەنازدارە
لە ملی خۆیان شل دەکردەوە هێزارە
لە بەندەنی دمدمی لە پێنسەتەکەزی خۆیان فڕێ دەداوە خووارە .
خوێندەواری خوشەویست !
هیوادارم بەوپێشەکێ کورتەی ئاگاداریکی ئەوتۆت دابێتێ کەڵبەراورد کردنی ئەو شوێنەوارە پڕ بایەخو پیرۆزە ماندا کەڵکی لێ وەرگری .هومێد دەکەم رۆژێک لە رۆژان خاوەن هونەرانی کوردوستان بتوانن بە رهەم هێنانی فیلمێکی سینەمایی یان ئوپێرایەکی پڕ بە پێستکوردی ئەو بەیتە پیرۆزەی بهێننە سەر شانۆ و،چاوی گەلەمانی پێ روناکتر بکەن و،دلی دوژمنان تەنگتر .

بە هیوای ئەو رۆژە و، داهاتوویەکی زۆر رونتر
عەبدولحەمید حوسەینی

بە فرانهاری ۲۵۹۳ی کوردی رێکەوتی ژانویەی ۱۹۸۱

هەواڵنامەی کتێب

# دمدم

خان ئەحمەدخانی برادۆستان سەردا عێل بۆ، رەند ـ و مەردبۆ. تا بڵێی دلێر بۆ. لە نێو عێل ـ ۆ عە شایەری ئەو دەور ـ ۆ بەرەی دا خۆی بە کەس نە دەگۆڕییەوە. حەمە پاشایەک هەبۆ بە حوکمی سوڵتانی ئەستەمولێ کرا بۆ بەگەورەی تەرگەوەڕ ـ ۆ مەرگەوەڕێ. ئەو دەشتی مەحمەشەی بە نێو وی کراوە.

خان ئەحمەد خان نەی دەتوانی لێی قەبوڵ پکا ـ و دان بە گەورەیەتی وی دابێنێ. لێی دا رۆیی بۆکن ئەمەر پاشای. ئەمەر پاشا میری سوران بۆ. نێو بانگی دلێری ـ و مەردایەتی خان ئەحمەدخانی بیستبۆ، بە وەی کە ئەحمەد خان رۆی تێ کردووە زۆر کەیف خۆش دەبێ. شەڕی دەگەڵ رۆمیان دەبێ خان ئەحمەد خان دەچێتە شەڕێ لە شەڕێدا دەستێکی لە پەنجەیدا دەپەڕێ.

دوای قەدەر ئەییامێکی کە حەمە پاشای گورین سەری تێدا دەچێ، دەگەڕێتەوە بۆ نێو برادۆستان، نێو عێل ـ ۆ عەشیرەتی خۆی، سەر لە نوێ بە سەریان را دەگا.

خان ئەحمەد خان ئیشتیای لە مەزنایەتی دەبێ، دە روانێ تە دەور ـ و بەرێ خوی، لە ئاقار خۆیدا کەس بە پیاو نازانێ، شاڵاو دەباتە سەر کۆنە گزیران، ئەو گزیرانەی کە زۆربەیان سەر بە سوڵتانی ئەستەمولێ بۆن. بەڵێ. هێندیکی زۆریان لێ دەکوژێ وڵاتەکەیان لێ داگیر دەکا. لەو نێوەیداگەڵ بەمۆی بەند دەبێ، کەس ناوێرێ بڵێ لەل.

ترسی رومیانی لەزگی دا دەبێ بەدە هۆ دە چێتە ئیسپە هانێ، بۆکن شای ئێرانێ، بۆکن شاعە باسی.

شاعەباس نێوبانگی مەردایەتی و دەسەلاتداری خان ئەحمەدخانی بیستبوّ ، دەچێتەلای، شاعەباس لێی دەپرسێ ئەو دەستەت بوّ وایە؟ دەڵێ: قوربان! شەڕمان دەگەڵ ڕۆمیان بوّ، لە شەڕێدا دەستیان پەڕاندوّم.

شاعەباس کە وا دەزانێ حوکمێ دەکاتە سەر زێرینگەران دەڵێ: دەبێ دەستێکی بوّ دروست بکەن وەک دەستی خوّی بێ. بەڵێ! زێرینگەران دەستی زێڕن بوّ خان ئەحمەد خانی ساز دەکەن ـ وَ وێی دەخەن، هەر بوّیەیە کە پێی دەڵێن خانی لەپ زێرین.

شاعەباس حورمەتێکی زوّری دەگرێ دێنێ خوشکێ کی خوّی لێ مارە دەکا، مەزنایەتی لاجان ـ وَ شنوّ ـ و ورمێ ـ و ئەو دەور ـ و بەرەی پێ دەبەخشێ.

خان ئەحمەدخان بە دڵ گەرمێکی زوّر ڕە وە دەگەرێتەوە. قەدەر عەیامێکی بە بێدەنگی دادەنیشێ. تا وەختارێکی عیلی جەلالیان دەیان هەوێ شالاوی بوّ بەرن ـ وبەنێو هەریم ـ و ماڵبەندی مەزنایەتی ویدا تێ پەڕبن. عیلی جەلالیان ـ و عیلی برادوستان لە کوّنەوە دو بەرەکایەتی ـ و نێوان ناخوشیان دەبێ. ئاخە! عەشایر قەت دانویان پێکەوە نەکوڵاوە، لەبەر ڕقەبەرایەتی ـ وَ کەرێتێ هەر پیان کراوە بەرەنگاری یەکدی بن.

خان ئەحمەد خان دەست بە سەر بزێوێ دەکا، لە پێشدا دێنێ کوّنە قەلای دمدمی ئاوەدان دەکاتەوە. ئەو قەلایە لە جێیەکی حاستەم هەڵکەوتووە وەک دە بەیتەکەی دا دەڵێ پێنسەت کەوان بلێندێتی، کە دەس دەکا بە ئاوەدان کردنەوەی قەلایە، دوژمن ـ و نەیاری دەبن دەچن بە شاعەباسی رادەگەیینن: کە خان ئەحمەدخان بە تەمای سەر بزێوییە قەلای دمدمی ئاوەدان دەکاتەوە، تا ئەگەر تەنگی پێ هەڵچنرا لە وێ دا خوّی بگرێتەوە.

شاعەباس باوەڕیان پێ ناکا. هەڵدەستی بە بەرگی دەروێشێوە، بە دزی دێتە دمدمی، دەس دەکا بە فەعلایێ، حەوت ڕوّژان فەعلایێ دەکا، ژنی خان ئەحمەد خانی وەک خوشکی شاعەباسی بێ، دەی ناسێتەوە بە خان ئەحمەد خانی دەڵێ. ئەوە شاعەباسی کاکمەبێنن نانی بدەنێ. تانەتوانی لە دوایەدا غەیانەتێمان

پێ پکا

بەڵێ. دێنن نانی دە پێش دەنێن، نانی دە دەنێ. خان ئەحمەد خان دەستور دەدا شەوێ دەرکی قەڵایە داخەن، نە هێڵن کەس لە قەڵایە وەدەر کەوێ، شاعەباس دەنیوە شەوێدا کەوشان پاشە ــ و پێش دەپێ دەکا لێ دەدا دەڕوا. دەڕواتەوە بۆ ئیسپەهانێ. بەیانی کە هەڵدەستن تەماشا دەکەن کەس وەدەر نەکەوتووە، بەڵان یەکێک هاتۆتە ژورێ. زۆریان پێ سەیر دەبێ، سەریان سوڕ دەمێنێ، سامیان ڕێ دەنیشێ.

شاعەباس دەچیتەوە ئیسپەهانێ دەسەر خان ئەحمەد خانی دەکا، دەڵێ: بۆ ئەوەی لێی ئەمین ببم دەبێ کوڕێکم بە بارمتە بۆ بنێرێت.

هەر لەو سەر ــ و بەندەشدا دەبێ، کە بە دەستوری شاعەباسی کوردی موکریان قەڵاچویان تێ دەخسترێ. خەڵکێکی زۆر قەتل ــ و عام دەکرێ. نزیکەی دو سێ هەزار کەسێک هەر لەو ئەوشکەوتەی داکە ئیستاکە پێی دەڵێن موکریقران، لەسەرمان ــ و لە برسان قریان دێ، ژن ــ و منداڵێکی زۆریش بەیەخسیر دەگیرێن.

عەودال کە سەردار عیلی موکرێکانە، دوای ئەو کوشت ــ و کوشتار ــ و تاڵان ــ و بڕۆیەی هەڵدەستێ بە خۆی ــ و سێ چل کە سانەوە پەنا دەباتە بەرخان ئەحمەد خانی. خان ئەحمەد خان ڕێز ــ و حورمەتێکی زۆری دەگرێ. لە ئامادە کردنی قەڵایەدا دەیکاتە جێ نشینی خۆی. خولاسە بە بێ پرس پێ کردن بە عەودال خانی هیچ کارێکی ناکا، هەمیشەش هەر بە کاکەخانی نێودە با کارێکی وادەکا کە هەموکەس لێی وا دەبێ ئەو دوانە بران پێکەوە.

بە ڕاگرتن ــ و ڕێز لێنان عەودال خانی شاعەباس هێندەی دیکەرقی لێ دادەگرێ. بەڵان دیسان هەر ناوێرێ خۆی لێبدا.

خان ئەحمەدخان بو ئەوەی بە چاکی کار سازی خۆی پکا، دێنێ کوڕێکی دەنێرێتە ئیسپەهانی، کوڕە چەن ساڵان لەوی دەبێ وەرەزی کەس ــ و کاری خۆی دەکا، لەبابی دەنوسی دەڵێ: پێم خۆشە بێمەوە نێوتان، چاوم پێتان پکەوێ.

خان ئەحمەد خان لە شاعەباسی دەنوسێ: بۆ ماوەیەک ئیجازە بدا،

کوڕەکە بێتەوە نێوخزم ــ وتایەقەی خۆی ، دوایە سەر لە نوێ بۆی بەرێ دەکەمەوە بەلی. وەختیارێکی کوڕە دێتەوە باس ــ و خواسی لێ دەپرسن ، دەلــی:
ئەگە لە من دەپرسن خزمەت خزمەتی خودایە خزمەت کردنی عەبدی چ ناهێنــێ ، پیاو بۆ دەبێ سەر شوری بو عەبدی تڕکەن پکا .

جا ئەوچەلەکانی خان ئەحمەد خان بە تەواوی کار بینی خوێ دەکا . لــە شاەعەباس راس دەبێتەوە .

شاەعەباس بۆ بەرەنگار بونی خانی برادۆستان لە سەر هەمو عێــل ــو عەشایران‌دەکا ، لە هەمو وڵاتانڕا لەشکری لێ‌دەکری لەخانی برادۆستان . شەڕێکی قورس دەقەومێ ، دو ساڵان شەڕێ دەکەن زەفەر بە خانی نابەن . عەجەم دێنــە شکانی . لە بەد بەختی خانی ، لە نێو قەڵایەدا نێوان‌ناخۆشیان دەکەوێتە بەینێ ، ئەحمەد بەگی لێتانی ، بە دزییەوە دەڕوا بۆ کن حەسەن خانی ، کــە سەرکــردەی لەشکری شاعەباسێ . پێی دەڵێ . قوڕ وە سەر . سەد ساڵان توپانی لێ ئاور دەن توزقاڵێکی لێ نا کەنەوە بە تۆپان چتان پێ دەگەڵ ناکرێ ، بەڵان بێتو کانێک لەو سەرەیە بیتەقێنن لە تونیان قڕیان دێ چیان پێ نامێنێ دەکەونە ساکە دەشتــێ ئەوان هێندە نین یەک بە دە دە کەون .

ئەو تەگبیرەیان پێ باش دەبێ ، کانێکەی دە تۆقێنن لە تونیان قــریــان دێ دەکەونە ساکەدەشتێ دەگڕ یەک را دەچن خــان ئەحمەد خــان دەکــوژرێ ، لەشکرەکەی دەشکێ ، ژنەکانی بۆ ئەوەی بە دیل نەگیرێن لەسەر قەڵایەڕا خۆیــان هەڵ دە دێرن . بە دەستوری شاعەباسی ئەحمەد بەگی لە لولەی تۆپی دەبەستن بەرەو دمدم دەی‌تەفێنن .

جا ئەوە هەوەڵی بەندەکانێ تی :

کە و نگێ لە کاولە دونیایە .

کە و نکێ لە کە ولە دونیایە .

بێ قەولی بێ شەرتی بێ وەفایە .

نە وەفات لە بۆ کەسە نە پێت دەکرێ بە قایە .
دنیا . چەن جوانان دەس پێ دەگرتی ،
چەن جوامێران دەس لێ بەردەدایە .
دنیا نە بە بابەدەمی دەما نە بە داکە وایە .
نە بە حەزرەتی یوسپی دەما نە بە زولەیخایە .
نە بە حەزرەتی سولەیمانی دەما کە بە حوکمی نەڕە دیوان ،
سێبەری دەکرنەوە لە سەر دو چاوی دە بلقیسایە .
نە بە حەزدەتی ئەسکەندەری دەما ئەگە خەرجی دەستاندەوە ،
هەر لە مانگێ ــ و لە ڕۆژێ ، هەر لە دە لیایە .
دنیا نە بە حەزرەتی موسای دەما کە لە سەر بە ردی ،
سەخرە تولڵایە کردی گفتگۆ لە گەڵ خولڵایە .
نە بە حەزرەتی عیسای دەما کە پێی دەڵێن روحولڵایە .
سەردارن محەممەدە خوشە ویستی خودایە .
نوری پر بە عەرشییە پێی لە تە حتە سەرایە .
کوانێ جانی بنی جان ؟
کوانێ جمجمە سولتان ؟
کوانێ سامی نەریمان ؟
کوا قارەمان ــ و قەیتەران ؟
کوا بە ختەک ــ و نوشیرەوان ؟
دنیایان کرت فرەوان ،
لە وانیش شتاق نەمان ،
کوا زبەربەدەستی وەک روستەم ؟

کوا بە خشە ندەی وەک حەتەم ؟
کوانیٚ جوانی بە ئابرٚو؟
کوانیٚ ئەزرەقی جادو؟
ئەفلاتون وەک وی نەبو
کوا نمرود ــ و کوا شەداد ؟
کوا فیرعەون ــ و تاق مراد ؟
کوا شەدادی بە غوڕژەم ؟
کە دای دەنا جەهەننەم
بەهەشتی دانایەک دەم ،
ها واری من وە بەر پیغەمبەری ئاخری زمان،
ئەسحابەی هەبون گەلێک پاک ــ و جوان،
لەوانیش چتاق نەمان ،
کوا ئەبابەکر ــ و حوسمان ،
کوانیٚ حومبەری قەیغان،
کوا شای عەلی شیری مەردان،
هانام وە بەر تو رەببیە،
هیچ کس لە گۆنی تۆ نییە .
چیکەی قسەی تیٚ دانییە .
هانام وە بەر تو رەببییە .
ئەو دنیایە حیز ــ و مایە پوچە،
سەد ملّکن بیٚ بە موچە،
عاقیبەتی دەچینەوە دە قەبری بە کوچە،
قەبری رەشی زیندانی ،
هەلّیان دەکەن لە ئەستوٚی عیسانی ،
چاوم گەر دەکەوت بە چاوانی ،

هەواڵنامەی کتێب

روحم دەر دەچو لەگیانی،
با پچینە وە سەر بەندەنی دمدمی، پێنسەت کەوانی،
لێی دانینەوە قەڵایە،
ئەوان شێران ئەوان پڵینگان، پێیان پکەینەوە دەعوایە،
پاشی خان ئاودەل ـ وگاکە خانی،
گەر خودا ئێقباڵت بدا،
سەد ساڵ بنو ـ و پاڵ وەدە.
خەڵکی بیخوا ـ و بیکا هەردە بێتن بە زیدە،
خودا نەددا ئێقباڵی.
حەوت سالان پکەی ماڵی،
هەر روت ـ و هەر رجالی،
دمدمم بەردێ ـ و لە چەلان،
جێگای خان ـ و،خان ئاودەلان،
حەیفێ ـ و بۆتە جێگای قەلان،
دمدمم بەردی ـ وَلەسێران،
جێگای خانان جوتەی شێران،
بۆتە جێگای شەل ـ وَکوێران،
حەیفێ ریویلان لێی دەدەن سێران،
هەر لە شای هە تا خونکاری،
خان گەران هەر چوار کەناری
لە دمدمی پکەین دیواری
هەر لە خونکار هەتا شایە
خان بە عەبدالی گەرایە
رای لە دمدمی دانایە
دمدم بەرەو رۆژ هەڵاتێ

هەر دو خان دەیکەن غەباتێ
دابڵان ڕاکێشین قەڵاتێ
پێنسەت وەستای بەردەداتێ
هەر وەستا بو کیسەی داتێ
قایم بۆ ڕۆژی حارەساتێ
دمدم بەرەو ڕۆژئاوایە
هەر دوخان لێی دەکەن ڕایە
جابڵان ڕاکێشین قەڵایە
پێنسەت وەستای بەردەدایە
هەر وەستا بوکیسەی دایە
قایم بۆ ڕوژی دەعوایە
کاکە خانم ئەلماس ڕەشە
لەپ زێرینیم چاو بە نەخشە
پێنسەت وەستای هێنا پێشە
قونگرە ــ و قەڵاتی ڕاکێشە
خان ئاودەل بو کاکە خانە
هەرکان ملیان وێکرا دانا
قونگرە ــ و قەڵاتییان دانانە
ڕایان کێشان جبە خانە
قایمییان کردن سوللەخانە
وەک خانان ئاویان هینانە.
پاشای بزرگ ــ و ڕەحمانە
وەرنە سەیری شای ئێرانە
ئەویش یەکێک لە فەعلانە
پاشای بزرگ ــ و ئەڵڵایە

وەرەنە سەیری عەبە شایە
بە کرێ ــ و بە فە علە گیرایە
حەو رۆژە دەو کارەی دایە
ڕۆژێ زێرێکیان دەدایە
بەردی بناغێی دانایە
حەو زێرەی وەبن دەدایە
بەرد ــ و زێڕی وێستاش مایە
وەختە ببێت ئاشکرایە
خانان نمەک دە پێش نایە
خان وەسەر کەوتن لە برجانە
بانگیان کردە وەستایانە
لە فەعلانمان یەک غەیا نە
خالەقی عەرز ــ و عاسمانێ
شاهەباس دەگرێ ڕێکو مانێ
چووە تەختی ئیسپەهانێ
شاهەباسم زۆر مەتینە
خورییە خانێ لەپ زێڕ ینە
کوڕێکم داتێ بە ڕاهینە
هەتا لێی ببم ئەمینە
خان دەڵێ: حەبدال بەگە. تۆم تەڕلانی
مە علوومە مەردی قەیغانی
تۆم حەولادیکاکە خانی
لێ ی دە پچۆکن شای ئێرانی
حە و دال بەگی چاو بەنگییە
حەوت ساڵی حزمەت کردییە

هەواڵنامەی کتێب

غەریبی ماڵێ‌ی کردییە
حەودال بەگبو وەک شەمامە
حەوت ساڵی کردبو ئەمامە
بە بیری کرت باب ــ و مامە
بەرێی کرت مۆر ــ و غولامە
مۆر ــ و غولامی بەرێ کردییە
قاقەز هات گەییە خانییە
خانی موکری لێ‌ی نوڕییە
کوڕ قاقەزێک وا ناردییە
غەریبی ماڵێ‌ی کردییە
خان قاقەزێک وا ناردییە
فرزەندی مە کوێ لەوییە
جو حمێک ئیزنی بداتییە
پاشان هەر لە خزمەت وییە
رووی سپی بێ شای ئێرانە
بە بیری کرت پارووێک نانە
بۆی هێنا تەختی رەوانە
حەودال بەگی کرت رەوانە
حەودال بەگی چاو بەنگییە
هات گەییە باب ــ و مامیە
سەلام لە باب ــ و مامیە
وای کرد بو حەرزی بابییە
خزمەت خزمەتی رەببییە
خزمەتی عەبدی هیچ نییە
وەک خانان وایان زانییە

ده ستيان به نژدان كرديیه
هەتا تەوريزيان گرتییە
سەرهەديان بە قوڕێ گرتییە
پێی زانی شای ئێرانییە
هه ر دو خان لێی بون يا غییە
شاحه باس دەكا ـ تەگبیران
ده نێرم قوڵ ـ و وەزیران
خانان دەكەم دە زنجیران
پاشان بیان هێنن یەخسیران
شاحەباسم دەكا رايە
تا زيندو بم لە د نيايە
رازی نيم ڕۆنين قەڵايە
لێو خرا دەكەم سەرايە
شاحەباسم زۆر قەیغانە
قاقەزی نووسی لە خانە
ده بڵێن برون لەو سەرهەدانە
نەک لێيان بكەم وێرانە
قاقەز هات گەییە خانییە
خانی موكری لێی نۆڕییە
دەستی قاسیدی بڕییە
ده گەردەنی دە كردییە
زۆر گوی خوارد دە گەل بابییە
پوچی كرت تا سەری هەڵ گرتییە
ده بڵێن بێ نەكات تە خسیرییە
گه ر ئەو شایە ئەمنیش خانم

هەوالنامەی کتێب

غولامی ڕەوێک شیرانم
کوردستانە جێ ــ و مەکانم
خالەق بێ بە پشتوانم
قاتڵێ ترک ــ و تەتەرانم
بەئیزنی پاشای عاسمانێ
دەری دەکەم لەئێرانێ
دەگرم تەختێ ئیسپەهانێ
شاهم دەڵێ حەسە ن خانە!
دیتت کردارێ خانانە . ؟
هەستە بڕۆ بە ڕەوانە
دمدمم بۆ پکە وێرانە
مالیان بێنە بە تالانە
بە دیل بیان هێنە خێزانە
دەڵێ : شاهم ! لە دڵم دەکا کۆمێ
دمدم سەختە ئەز نایچۆمێ
هیمدادی بۆ دێ لە ڕۆمێ
دەم کەن بە بەردی بن گۆمێ
بە حام خەڵکی دەم کەن لۆمێ
شا دەلی : حەسەن خانە! تۆم مندالی
ڕۆمی گەرام بە حەبدالی
تێم دا نەدی توندی ــ و تالی
خەمم لە زگی دەبوخالی
شاهم !لە دلم وا غەرەزە
دمدمم بەردێکە بەرزە
تۆپ نای گرێ هێن ناتەرزە

هەواڵنامەی کتێب

شاحەبە شێری بە قەلفەزە
لەحەسەن خانی بو ئاڵوەزە
بەس پکە قسەی دە ناتەرزە
هەستە لە بەرم رابەزە
لە هیمدادێت دەیەم ئمزە
دەڵێ شالیم مەگرە ناز ــ و ئەرجووان
خانان دەگرم بەوان زووان
رەشیان پکە هەرتک رووان
گە ر نەم گرتن بە وان زووان
دامنی لە گەڵ مالمێ جووان
شا: پێم دە دور ێنی سەرە
دنیام دەوی سەرانسەرە
پڕ بێ لە خان ــ و بەگلەرە
بەجگە لەئاغا ــ و نۆکەرە
بەبێ لەشکر ناچمە سەرە
دەڵێ: هەستە لەکنم رامەمینە
رابە بە دڵ ــ و یەقینە
پاییز نییە هەر هاوینە
لەشکرێ زۆربغە ملێنە
دمدمم لە بۆ بستینە
شا وەسە ر کەوت لە برجانە
بانگی کرت خان ــ و سوڵتانە
لە بۆ تەگبیر ــ و رایانە
حەو شەوان ــ و حەو رۆژانە
بەتاڵ نەبون دیوانخانە
کردیان تەگبیر ــ و رایانە

هەوالنامەی کتێب

مەیتە ر ئەسپیان دەرهێنانە
زینیان دە پشتێ دەکوتانە
تەدارەکە ـ و نالبە ندانە
چە پەر چو بو سەر عێلانە
لەشکرێ پکەن لە خانانە
داگیر پکەن کوردستانە
دمدمی پکەن وێرانە
لەوێ دایە کاکە خانە
هیوا ـ و هومێدێ هەموانە
لە تەواوی ئەو شارانە
لەشکر هاتنە سپاهانە
هیمداد بۆ شاهێ ئێرانە
سەد هەزار خان ـ و سولتانە
جیگر بون لەئیسپاهانە
چەپەر چو بو سەر ئیلانە
ئەو ئێرات ـ و ئێرەوانە
رەشت ـ و کشمێر ـ و گیلانە
قەندەهارە مەمەغانە
ئاردەوێلە ، شوشە ، وانە
بێت لەورمێ ـ و لە لاجانە
سوندوز بێت ـ و موکریانە
لە سنە بێ ـ و لە کرماشانە
دەرگەزییە رژدستانە
هەویز ، شوشتر ، مەریوانە
بێ لە سەراو ، سەردە روانە

هەواڵنامەی کتێب

هەر لە تەورێز تا تارانە
دەمەر قاپیە دێخورگانە
جەمع بولە ئیسپەهانە
پچینە سەر جوتەی خانانە
ئیسپەهانم شارێ خوشە
لەشکر دەبێن زۆر لە خرۆشە
پێنسەت هەزار یەدەک رەشە
ئیسپەهانم شاری دورە
لەشکریان دان لە تابورە
پێنسەت هەزار بە یداخ سورە
ئیسپەهانم خۆشە جێیە
بەگلەرێک هات لە ورمێیە
لەشکری ئەستور لە وێیە
پێنسەت هەزار یەدەک شێیە
ئیسپەهانم خۆش جێگایە
تەختی پاشای دە وێ دایە
پفیان کردە کەرە نایە
لەشکر داژوێن ، بە رەو،دوایە
هێندە زۆرە بنەی نایە
هات ووردۆتن لە قوزوچایە
پێنسەت هەزار هەر جۆلایە
وە دەر کە وتن لە سپەهانێ
لە قۆشەنێ لە تۆغیانێ
دار ــ و بەرد کەوتە هاژانێ
تۆز گرتی بەری عاسمانێ

بۆ رۆژی ئاخر زەمانێ
دە قۆشە نان کەوت غولووە
لەشکر تیپ تیپ ئاوا بووە
مەنزلکیان قاپلا نتووە
لمو کافری دە بەفێلە
سەری رمبیان دەلێی بێلە
لەشکر لە دوی بون بە خێلە
مە نزلکیان ئاردە وێلە
کافر داژوین لە مەجێزە
لە شکر دێن رێزە بە رێزە،
مزلێکیان دەشتی تەورێزە
دەبدەن لە دەهوڵ ــ وُلە تە پلی خانی
سبحەی بارکەین لە بە یانی
لە شکر وورد لە دێ غورگانی
شاحە باس شای هەمو هەندەران
هەلبر لە ترک ــ و سالمران
دە بنۆڕنە پۆلی قەجەران
دە پێش دای ناردن بە یداخان
دەنگ دی لە زرێ ــ و لە قولچاغان
هات وورد لە بناو ــ و مەراغان
حەسەن خانە. تۆم مملیسی
هەر دیۆ تەتەران دە نوسی
هات گەییە دەشتێ سندوسی
لە و کافری دە بەدگویە
قۆشە نێکی خستە رێیە

هەولنامەی کتێب

له لەشكری بەست گرێیە
هات وورد لە سەر بە حری خۆیە
سبحەی بارکرت بە یانییە
بە ڕێی کردن بارگە چییە
هات وورد لە سەر دمدمییە
لە شکری شای هات بە سەردا
دای دە پۆشین دار ــ و بە ردە
لە سەر دمدمی دا ووردە
عمودال دەڵێ .لەپ زێڕیینە.
سەر لە خەوێ خۆش هە ڵیینە
ئەو لەشکرێ زۆر ببیینە
بەردی کێوان قەت هێن نیینە
ئەستێرەم قەت هێن نەدیینە
هیندەی خێوەت لێ ووردیینە
دەڵێ ! هەک ! لەمنت نەکەوێ خانە
لە شکر نییە هەر کاروانە
را داریم لە سەر ئەوانە
دەبرۆ ! دە غمەی لێ بستینە
قاقەز هات گەییە خانییە
خانێ دەرپێ شین لێ ی نورییە
لە شکر سەربازی شاییە
چ کاروانم دەگەڵ نییە
هاتۆم بۆ سەر دمدمییە
خان خۆشی پکاتن قەوییە
سەری پچێ لە ڕێی دینییە

هەلاتنی مسکین ینیە

خان دەڵێ : گەرئەو شابێ خۆمنیش خانم

خودا بێ بە پشتیوانم

تێک نەدا جێگا ــ و مەکانم

راونەری ترک ــ وئەتەرانم

غولامی رەوێک شێرانم

بە حەوت شەو ــ وحەوت رۆژانە

بە تاڵ نە بون دەفتە ر خانە

چون چاپەری دە قوڵانە

دمدم بەردێکە خرە

هەر چوار دەورەی لێ وە برە

بە حشتێ بە شیر بکرە

خان بە خەزایە مەشغوڵە

دمدم بەردێ لەتیشی

قو چێ شایی پێ وە نیشی

لێ ی کوژران کلاو بە ریشی

دمدم بە ردی مەیدانێ

لێ ی دەن تۆپی ئیسپەهانێ

خرمو هۆڕە لەجبەخانێ

تۆز گرتی بەری عاسمانێ

کاریتە گەییە هۆزانێ

دمدمم بە ردی سپییە

حەسەن خان لە سەر ووردییە

سێو ــ وهەرمێ ی چە قاندییە

هەمان بە ریان دەگرتییە

هەواڵنامەی کتێب

بەری هەمانی خواردییە
دمدم بەردێکە شینە
شەڕە تۆپە قین بە قینە
بەختی خانی لەپ زێرینە
ئەستێرەم هێندە نەدینە
هێندەی خێوەت لێ ووردینە
خان بۆ خەزایەش یە قینە
دمدم بە ردێکە سورە
شەڕە تۆپە دور بە دورە
کوژردان تاوڵ بە سە نبورە
خان بۆ خەزایە زەرورە
دمدم بە ردی وێناری
دەلێ ی دەن تۆپی هەوشاری
حەو ساڵی گوللە لێ باری
ما لە تۆزی ما لە خۆماری
دنیای داگرت بە یەکجاری
هاوارم نارد بۆ خونکاری
هات وەسمان بەگی حەکاری
بەتەنی دای لەهەزاری
دمدم بەردێکە زۆپە
لێیان دا تۆپخانە ـ و تۆپە
دمدم بەردی لەبەردی
لێ ی دەن بە تۆپێ نەبەردی
تا ڕۆژێ مەرد ـ و نامەردی
دمدم بەردی دەبەیە

لێی دەن بە تۆپی کەڵەیە
کاریتەی گەییە کۆکەیە
خان بەخەزایە مەشغوڵە

دمدم بەردی سپییە
حەسەن خان لە سەر ووردییە
سێو ـ و ٬هەرمێی چەقاندییە
هەمان بەریان دەگرتییە
بەری هەمانی خواردییە
چ چارەی پێ نە بردییە
دمدم بەردێکی پانە
لێیان‌دا تۆپ ـ وتۆپخانە
قەلاتێی پێ‌پکەن وێرانە
دمدم بەردێکە شینە
چوار زستانە پێنج هاوینە
تێیدا خانێ لەپ زێرینە
زەفەریان پێ‌نەبردینە
خان‌بە خەزایە مەشغوڵە
خان دەڵێ: گەر پێم دەکەن باوەڕییە
ئەوشۆ نە بو شەوێ دییە
پێغە مبەرم بە خەو دییە
هەمون دەبین خەزاییە
هەرچی هەڵدی قەیدی نییە
لە تایفەی ئاکابری
گوتیانە خانە موکری
پوچت کرد تا سەرت هەڵدەگری

هەواڵنامەی کتێب

دەستەو شیر دەچینە کافری
بە چەپەر دەنێرین خدری
رایان کردە گەڵ هەزاری
سواریان کرت خدر بە بریندارێ
لە رۆینێ دەڵێی باڵداری
لە زمان دەڵێی گورگی هاری
خدر رۆیی وا بە زیری
دەلێی بەورێ کە پسمیری
قاقزی‌دا دەس وەزیری
وەزیر وای گوت بەبێ‌ویڵی
خان بۆ لە شای دەکا فیڵی
قەڵاتێی بۆ بە جێ بێڵی
خدر بەگ هات بەیانییە
خدر بەگ وە سەر کەوتییە
رەقەمی دا سوڵتانییە
سوڵتان سەلیم لێی نۆڕییە
دوحا و سەلامی نوسییە
سەلام لەخانی کوردییە
وەحدە بە سێ جوحمەی دییە
دێم لە هیمدادی خانییە
رۆشت سپی بێ سوڵتانە
قاقەزی چا نارد بۆخانە
وەحدە ـو پەیمانی دانانە
وەحدە هەر بە سێ جوحمانە
دێم لە هیمدادێ خانانە

هەواڵنامەی کتێب

حەیفێ نەگەییە دیوانە
خدر بەگ‌هات بە بێ دەنگی
خۆی پۆشی بو بەشمو رەنگی
زو بێ بۆ خەزای فەرەنگی
خدر بەگ بۆ رای دەهاتێ
رۆژی چو شەوی داهاتێ
کاری خوای بو خەوی هاتێ
رمبی چە قاند کۆلمی تێ گرت
خەوی هات ـ وَ سەری وێ گرت
ئەو حەساسی شاحەباسی
ئەو دەگەران بە ئیخلاسی
گەیینە خدری نەیان ناسی
ئەو رەقەمی وەک کراسی
دزیان لە بۆ شاحەباسی
شاحە باسی ئێرانییە
ئەو رەقەمەی کە دیتییە
بە ئاگری سوتاندییە
رەقەمێکی چی کردییە
دوحا ـ وَ سەلام لێی نوسییە
سەلام لە خانی کوردییە
وە حدە بە حەو سالی دییە
دێم لە هیمدادی خانییە
خدر بەگ هات بە یانییە
خدر بەگ وە سەر کە وتییە
رەقەمی دا دەس خانییە

خانی موکری لیٚ ی نۆزییه
دوحا ــ و سەلامی نوسییه
سەلام لە خانی کوردییه
وەحدە بە حەو ساڵی دییه
دێم لە هیمدادی خانییه
خدر بەگ سۆندی خواردییه
شەوێ هاتوم بە درەنگییه
خان ! مەگین رەقەمییان دزییه
دەنا . قەت حەو ساڵەی تیٚ دانییه
خان باوەڕی نەکردییه
ئەحمەد بەگی لەیەتانی
روی رەش بیٚ دەگەڵ شەیتانی
ئەو غەیان بۆ دە گەڵ خانی
لیٚ ی‌دا چۆکن شای ئێرانی
پیٚ ی نیشان دان چاوەی کانی
سبحەی دەگەڵ حارەساتیٚ
سەر ئەسکەر ناکەن حوکماتیٚ
حوکمی قورخانەن ناداتیٚ
هەشتا باری باروت هاتیٚ
شاڵاویان برت بۆقەلاتیٚ
ئەوکافری بیٚ ئیمافە
تیٚ یان کرت هاش ــ وەدەرمانە
کەوتنە قڕبون موسولمانە
لەکنیان ئاخیرەت زەمانە
لێیان بوٚ رۆژێ تەنگانە

هەواڵنامەی کتێب

چەند گریان ئەو خاتونانە
لێیان تێک چو جێ ـ وێ مەکانە
خولاّیان بێ پشتیوانە
خانم هاتن وا بەزیری
چۆکیان داد لە پێش میری
ئاونێ پێ ی پشێلین هەویری
خان تو بۆ وابێ تە گبیری
شا دەلی : ئـەحمەد بەگی لیتانی یە
غەیانە تیت لە سەر چییە؟
دەلێ. قوربان. غەیانە تیم نییە
پەلێکم نالّ دە خوازتییە
سە حاتێک وەحدەم گر تییە
کوتی . دەبرۆن کورەرا مە مێنن
ئەحمەد بەگەم لە بۆ بینن
دە تۆپە گەورەی شاتێنن
بەردو دمدمی هەلێنن
قونگری سەرێی پیەرنین
دەبڕۆن کورینە واراکەنە
ئەحمەد بەگەم بۆ بانگ کە نە
لە قا سوخانەی بدەنە
دە تۆپە گەورەی را کە نە
لە بەردی دمدمی دەنە
کاری خودای بو وا رەنگینە
بە ختێ خانێ لەپ زێرینە
بە فرێک باری بەو هاوینە

حەو شەو ــ و ڕۆژان بە وی ژینە
هات بۆن خانمی دە کارخانێ
گوتیانە خانی دیوانێ
لێو حەرام بێ جێی کابانێ
سبحەی بگوژێین لە مەیدانێ
قەبوڵ مەکەن ئەوێ ژیانێ
خان دەلی : خاتونانە!
سبحەی وەرنە پەنجەرانە
دەپکەن سەیری دوشێرانە
شەڕی دەکەین ڕۆستە مانە
بە خۆن سوَر دەکەین مەیدانە
دوَخان دەکەن گفتوگۆیە
دەچینە کن خانی دەرپێ شیینە
دەڵێن : هاتووین بەرحوکم دەبینە
خەرج ــ و ماڵیاتی بستینە
هەر یەکن یەکێ دەگوژینە
دو شێر هاتن بۆ دەعوایە
یەکیان بۆکن حەسەن خانی یەکیان بۆکن حەبەشایە
خان دەڵێ : سەلام لە خانی دەرپێ شیینە
هاتوین بەر حوکم دەبینە
خەرج ــ و ماڵیاتێ بستینە
حەسەن خانی هەرزە گۆیە
گوتیە خانی چاوهەڵۆیە
خانە قسەی تۆم درۆیە
دە خۆی محاڵی شنۆیە

هەواڵنامەی کتێب

حەوساڵ باجم لە کنە تۆیە
حەسەن خانی سەر ئەسکەرە
گوتییە خانی پڕ حوننەرە
شیرەکەتم بدەێ بزانم داخوا شیرت بە جە و هەرە؟
خان ئاودەلم بێچووە شێرە
شیری بۆ حەسەن رادێرا
سەگ دین گەر نەد دەمێ دەڵێی نەی وێرا
خان ئاودەلی بە حوننەرە
گوتییە خانی سەر ئەسکەرە
دە ئەتۆ شیری خوتم وێدە دا بزانم شیر چ جە و هەرە
ئەو جار خان شیری بۆرا داشتییە
شیری خان ئاودەلم بۆ میسرییە
چ بریان پەسەن نەکردییە
شیری حەسەن خانیم شیری چابۆ
حەسلی کرماشان پولا بۆ
بە پێنسەت زێران کزابۆ
بە هەژدەی سەقاو درابۆ
وای لە باڵچۆغەی نوسرا بۆ
قەتلی ترکانی تێدا بۆ
حەسەن خانی کە للەزر وە
گوتیە خانی بەڵەک چاوە

خان ئاودەلم خانێ شورە
بەڵەک چاوە دەڵێی پورە
گوتی : سەگدین شیرە کە ت ناگۆزم

هەوارنامەی کتێب

بەڵان تێری لێ بنوڕم
خان ئاودەلی بە ساخوونە
گوتیە خانی دین دوژمنە
سەگ دین مە لعونی کە ڵپنە
ئەو شیرە قابیل بە منە
یا نە شادەیەیت پێ دێنم
یان ئەو شیرەت لێ دەستێنم
حەسەن خانم نەی گوت وایە
پێی لە شادە یە نەنایە
شیری من زۆر شیری چایە
پێنسەت زێڕم پوڵ پێدایە
بە هەژدەم سەقاو دەدایە
مەعلوم خۆشەویستی شایە
جا نات دەمێ بە وەڵڵایە
خان ئاودەلی بە حوننە رە
گوتییە خانی سەر ئەسکە رە
سەگ دین مەلعوونی کە ڵپنە
حەسەن خانی دوژمنی دینم
مەرکی عەودال بەگەی بینم
شیرە گەورەی هەڵ سەنگینم
هەوەل بە تۆی دەجار بینم
هەتا کرگارێی ببینم
خان ئاودەلم روستەمانە
لای دەرکێی کرُبۆ لە وانە
گوتیان ؛ وەزیر ترکە ــ و،حەسەن خانە

سەربازیان وە سەر گەرانە
وەسەریان گەرا سەر بازە
خان دی کردی بە جانبازە
خۆی گەیاندێ ئەو چاو بازە
خۆی گەیاندە بال ئەوییە
خۆی بزر کردییە
زۆی گێچەڵ هەڵاییساندییە
بە وەڵڵایە بە بیلڵایە
کاری من بۆ وا قەومایە
شا هەڵات لە چنگانم دەبۆزایە
خانان سڵاوەت لێدایە
وە دەر کەوتن بۆ خەزایە
خان دەڵێ :کێ بێ پێکێشێ غیرەتێ
بە زامن هەڵ گرێ قەڵاتێ
یەک بو لەئاڵی ئاددمان
خشکەی دا بە گوللە ـــ وەدەرمان
بە بیژینگان گوڵلەی پێوان
سۆندی بۆ خوارد بە قورحان
گوتی : خان ! تالێم دەبۆێ گوللە ـــ وەدەرمان
قەڵاتم هەڵ گرت بە زەمان
لەتایە فەی ئاکابری
چی سەری خۆی رادەگری
وە دەرکەوت بۆ لەشکری
لە بۆ خەزای دەکافری
لە منت کەوێ دام سێودینە

هەواڵنامەی کتێب

شیرێ لە کالان دەربینە
ئەورۆ حەقە شەڕە دینە
بەهەشتێ بە شیر بستینە
دوشیر هاتنە دەر لەلانێ
سوفی مامەی ناوپردانێ
دەگەڵیان هات بۆ لێدانێ
حەجەمیان هێنا هاژانێ
جارچی بوَن ئەو بەر ئەو بەرە
مەلاحمەدە سەر ئەسکەرە
نەبیاغایە بە حوننەرە
خوشیان کرت شەڕە خەنخەرە
سەفیان دەدڕی چونەدەرە
دەبنوڕنەمام هەیاسی
دەستی دابۆ شیر ئەڵماسی
خالەقی بە حەق دەناسی
هەرای کردە شا حەباسی
لە چنگی دەرچوَ بە کەساسی
مامخدرە ،مامگدروَنە
هەرکان رمبیان وەک حەسوَنە
وە بەر تابوَران را چوَنە
ترک ـ و لوتیان رۆ دە دروَنە
دەروی رەش بێ هەر چیهەڵێ
دەبنورنە کوڕی مێرە دیسکەرێ
دەستی دابۆ گۆی خەنجەرێ
ترک ـ و لۆتی دانە بەرێ

سوارێک هات،وڵاغی شێیە
بە چوار ئاوێنە ــ و زرێیە
خان دەفەرمۆ ئەو هەکێیە؟
قوربان! پیرۆتی مەرگێیە
ئەو لە شەڕێ قەویتێیە
سوارێک دێتن بە توغیانە
خان فەرموی ئەوهە کێیە؟
قوربان!خدری ئۆمەر مەندانە
ئەو لە شەڕی زۆر قەیفانە
سوارێک دێتن یەکجار خاسە
خان دەفەرمۆ خانی دوڕناسە
ئەوە کێن؟ دەبۆم بناسە
قوربان ئەوە خدرە لیاسە
ئەو لە شەڕێ یەکجار خاسە
ئەوە زە ننونی میسیرییە
ئەوە شەمسی تدوریز ییە
رابیحای حەدەوییە
پیر محەمەدی گوگجەلییە
هەیوان سواری نیو کوردییە
کانێ مرادی لە کوچکییە
دەرکەوت ئاڵای سپییە
حوریان سەف لە سەر بەستییە
خان دەفەرمۆ ئەوە کێیە؟
قوربان! بە یداخی ئیمام حەلییە
ئەڵلاهوَ ئەکبەر ئیمامی حومبپەرە

هەوالنامەی کتێب

حەمزە ـو حەباسی لە گەڵە
دەگەڵ مەقبولی پەڕ بە سەرە
چەن لەشان دەکەن بێ سەرە
خان دەڵێ .دەبوّ کەوێ لە خانییە
همیدادی وا بۆ کەس نییە
سەرپچێ لە ڕێی دینییە
هەڵاتن قەت ممکین نییە
جارچی بوون ئەوبەش ئەوبەشە
دێ نەهرەتەی شێری ڕەشە
خان خۆشی کردن قڕقەشە
لە مەیدانێ ی خستن لەشە
خۆن هە ڵدەستا وەک چۆمانە
رادە وەستا وەک گۆمانە
لەش دەکەوتن وەک چیانە
سەر کەوتن وەک بەیداغانە
شەهید کرا کاکە خانە
دەڵێ :حەبداڵ بەگەئەتۆم چابی
بە توٚ دەڵێم ڕۆڵەی بابی
بەردی بەستێن کۆتای نابی
لێرە وارە دەوای نابی
بە جوندی قایم کەن چەکان
کۆرژنی شێخی باڵەکان
لەش کەوتن وەکو کاڵەکان
جارچی بوَن ئەوبەر ئەو بەرە
مەلاحمەدە سەر ئەسکەرە

هەوڵنامەی کتێب

نەبیاغایە بە حوننەرە
خوشیان کرد شەڕە خەنجەرە
خەزایان کربوَ بەگەلە
سەفیان دەدڕی چونەدەرە
لەش کەوتن وەکو مێگەلە
شەهیدیش بو خان ئاودەلە
لەئیسلامیَ وا وەیلایە
لەسەد هەزاری یەک نەمایە
کاکاڵی ماون بە تەنیَ
پیَی دەڵیَ خاتون خەزەڵیَ
لەو ماوە لە پخوَی هەڵیَ
ئەو کاکاڵی وا بە جەرگە
دەڵیَ گوَ ــ و لە من بیَ گەلیدەخاتونانە
دوَ گوللە ــ و دوَ وەزنەم پیَمانە
لەو کاکاڵی وا بە جەرگە
لە خە نجە ریَ‌دەڵیَ ی زەرگە
لەهەزاری دەبڕیَ مەرگە
ئاڵی مە ردیَکە بیَ قسور
پیَیەک لە دەریَ یەک لە ژوَر
یاخوا ! خوَش بیَ کاکاڵییە
بەشی خوَی خەزا دەکردییە
هەزاری دە توَپاندییە
ئەو کافری نەحلە تییە
شەهیدیان کرد کاکاڵییە
خاتونان شینیان بوَ دەکردییە

هەواڵنامەی کتێب

لەو دوازدە خانمی دە رەنگیینە
رای بۆ دەکرنەوەژنێ گاوانی
با پچینەوە سەر بەندەنی دمدمی پێنسەت کەوانی
خۆمان فرێدەینەوە خوار چین بەچینە
پاشی خان ئاودەل ـ و،کاکە خانی دە لەپ زێرینە
نەکەوینە دەس حەجەمۆکەی دەرپێ شینە
لەو دوازدە خانمی دەناز دارە
لەملی خۆیان شل دەکردەوە هیزارە
لە بەندەنی دمدمی لە پێنسەت گەزی خۆیان فرێدەدادە خوارە
خودا روحمی پێ دەکردن دەبۆنە بە کوترێکی دە باڵدارە
بۆ سوڵتان سەلیم بەگیان دەبردەوە داد ـ و،هاوارە
ئەوەڵین یاپاتشای حەزەمەتێ
خەزایی شاد بن بە جەننەتێ
ئەو جاریش بیان دەی نە سرەتێ
هەوەڵ یاپاتشای جەبارە
سوڵتان چەن زیر ـ و زگارە
لێ ی تێک چو راو ـ و شکارە
خزمینە بۆم پکەن رایە
جوتەی خانانم دانایە
چەپەرچیم ناردە بە غدایە
چ هیمدادم لە بۆنایە
ناردومە لە دو ای پاتشای میسیرێ
ئەو نەیێ چم بۆ ناکرێ
هات بۆ پاتشای میسیرێ
لە موسڵێ زانی خەبەری خانە

هەر دو کیان شەهید دەکرانە
کردی سەر راو ــ وَلینگ دانە
بە دەوڵەت گەییە لاجانە
پێنسەت حدودی دەپسانە
سوڵتان سەلیم بە حوننەرە
لە ستەمولێ کەوتە دەرە
سوڵتان سلیم گوت ئەڵڵایە
سوڵتان سلیم گوت ئەللایە
لەشکر هات گەییە عەنەدۆلێ
لە عەنەدۆلێ دیوان گیرێ
سەدهەزار بێتن بە شیرێ
بە دەوڵەت گەییە موسلێ
حەوت شەوان ــ و حەو رۆژانە
شاحەباس شای حەجەمانە
ئاوری داوە لە رۆمیانە
لەشکرێکە کەورە ــ و گرانە
ساحیبی تۆپ ــ و تۆپخانە
دەگەلم دەکات بە تۆپانە
پێم نەما گوللە ــ و دەرمانە
هەلدێم هەتا ئیسپەهانە
بۆی بە جێ دێلم ئێرانە
دەگەلم دەکات بە شێرانە
سبحەینێ بێتە مەیدانە
سوڵتان بەرا ــ و تەگبیری
حەو شەوان ــ وحەو رۆژانە

ئەو بەر ئەو بەر گیرستانە
و چان نەدرا لە پردانە
شێر نە چوَ بوَن دە کالانە
باڵچۆغەی شێران نەمانە
وە زیَران ئامان ئامانە
خراپیان دەکرت سولتانە
دەگەڵی نەکە ین بە تۆپانە
هێشتا با وی حەجەمانە
لە هۆقە هۆقی فیلانە
لەسیڕە سیڕی حەرە بانە
دوشێر لە بەر یەک ترازانە
شەڕی رۆمی ــو حەجەمانە
دو شێر لە بەر یەک ترازانە
شەڕی رۆمی ــ و حەجەمانە
مەعلوَمە ئاخر زەمانە
دەگە لیان نەکەین بە تۆپانە
باو هەر باوی حەجەمانە
وەزیرێک هاتبوَ جەزیرییە
باسکی سوڵتانی گر تییە
لەسەر تەختیَی لابردییە
سیَ سەحات حوکماتی کردییە
با سۆندی لیَ نەکەوییە
ترکی لە گەڵ مامەش پاشایە
حەوت سەت تۆپی واگیرایە
بەرەو سەرا پەردەی شایە

ھەواڵنامەی کتێب

له حەجەمی ئاور دایە
لیێ ی کردە رۆمەن خەزایە
حەجەم قەت یەکی نەمایە
ئەو حەجەمی د ە رەش ــ ۆ رۆت
نە گوللەی پیێ ما نە بارۆت
هەر گێتمە گێتمیان دەگۆت
یەسکیان بە کاڵی دەکرۆت
گوللە دەبارێ وەک تەرزە
مەیدان بە لەرزە لەرزە
لەدەنگی تۆپ ــ و قۆنپاران
وەک دەیاندا لە دیواران
مەردن ناترسن چ جاران
شامابۆ بە تەنێ
دە چووە سەر دارێ
خۆی دە داوە پەنایە وەزیر دەچۆ بن دارێ
دەی گوت . شا ! ئەتۆ بۆ خۆت لێ کردومە کوللارێ
بونایە خوار لە وێ دارێ
کوتی : وەزیر ! سەبربگرەهەلە
بلێ : شا نێ هیللانە خەرتەلە
شایان هێنا خوارێ برد یا نەکن سولتانی
ئەوی بە خشی بە نانی
چونکی لە گەل خان ــ و خان ئاودە لانی نە کرد بووە غەیانی
دنیا بە وێنەی کاروانسرایە تێدایە دڵتەنگ تێ دایە دڵشاد
خەرمانانی جوانان زۆر دەدا وەباد
گۆ بکرن لەمن گەلی جوامێران

هەواڵنامەی کتێب

هێندەی پوشی دە ورزێڕان
هێندەی گیا دەروێ لە زەنوێران
هیندەی گەڵای دە داران
سڵاو بێ لە مە ــ و لە گۆدێران
بە شی تێ دا نە بێ شەیتانی دین دوژمنی ماڵ وێران

هەواڵنامەی کتێب

## فەرهەنگۆك

| | |
|---|---|
| ئێرات | شاری هیرات هەرات |
| ئێرەوان | شاری ئەریوان |
| باڵچۆغە | دەستەی شیبیری |
| بەیداخ | ئەسپی سوور ، شی ، ئالا |
| تابور | ریز ، رەدیف |
| تۆپی کەلە | جۆرە تۆپێك بووە کە عوسمانییەکان دروستیان دەکرد |
| تیشر | بەردی یەکپارچەی حاستەم |
| جاراندن | تاقی کردنەوەی شیبیر و خەنجەر |
| جبەخانە | ئەسلەحەخانە |
| جوامێر | پیاو چاك |
| چەپەر | چاپار ، پەیك ، قاصد ، پیاو |
| چی کردن | چاك کردن ، دروست کردن |
| حارەسات | عرصات ، مەیدانداری کردن |
| خشکە | گاسن |
| نژدان | رێ گری سەرهەڵدان دەست بە نژدان کردن |
| دەغمە | مۆر |
| دێ خورگان | دەهخوارگان ، آذر شهر ، شارێکە لە خواروی تەورێز |
| دیل | ئەسیير ، بەردەست کراو |
| راکێشان | سازکردن ، هەڵهەستاندن ، بەرز کردنەوە |
| راهین | رهن ، بارمتە |

هەواڵنامەی کتێب

| | |
|---|---|
| ڕێکومان | ڕێی گومان لێ کردن شك |
| زەنوێر | دەراوی کانی ، شوێنێك کە زنەی هە بێ وەسەوزابی وگیای لێ بڕوێ |
| زۆپ | زەق |
| ساخون | فیلاوی |
| سەراو | شاریکە لە ئازەربایجانی ئێران |
| سوللەخانە | جێ لوساوك |
| شاتاندن | شەتاندن، تێ پەستاوتن |
| شاڵاو | پەلامار |
| شێ | ئەسپی ، سوورکارە مەیلەو قاوەیی بێ |
| قاپلانتو | قافلانتو کێوێکە لە نێوان میانە وتەورێز |
| قەڵفەزە | قەڵبەزە ، رژد |
| قەندەهار | شاری قەندەهار ، لە ئەفغانستان |
| قەیغان | بەگورد ، دلیر ، قسەڕۆیشتوو ، دەخورادیو |
| قرقەش | لێرەدا بە مانای مەیداندری کردن و شەڕە . |
| قۆڕوچا | ووشکە چوم کویرە چوم |
| قۆڵ | وەزیبیر |
| قوڵچاغ | قوڵچاخە |
| کۆکە | دێیەکە لە ناوچەی باڵتەمری سەربەشاری مەهاباد |
| کۆم کردن | وەخربوون |
| کولم | ئەو قایشەیەکە سەرێکی لە دەستی دەگرێ وە سەری دیکەی لە رمبی |
| مەجێز | تاسە |
| مەمەغان | ممقان شارۆکەیە لە نزیك تەورێز |

| | |
|---|---|
| مملیس | ابلیس شه یتان |
| وه زنه | کو لله تو پ باروتوی ره شی ئا خنراو له لوله دا . |
| ماشر | مه شرخم |
| هۆزان | جیمه نی بووه به دەوره ی دمدمییه وه |
| هیزار | پشتێند |

هەواڵنامەی کتێب

لە بڵاوکراوەکانی بنکەی مەلا ئاوارە



سەرپان: ڕێکخراوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ٧٤

لە ئوروپا

یارمەتی داوە بۆ لە چاپدانی